# الزواج كأداة سياسية في الدولة الميدية وتأثيره على التغيرات السياسية (٦٢٥-٥٥٠ ق.م)

چيمهن رقيب فاتح
قسم التاريخ ، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين- اربيل ، اقليم كوردستان، عيراق
chiman.fatih@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: الزواج السياسي، التحالف، الدولة الميدية، التغيرات السياسية، الأخمينيون.

**كيفية اقتباس البحث**

فاتح , چيمهن رقيب , الزواج كأداة سياسية في الدولة الميدية وتأثيره على التغيرات السياسية (٦٢٥-٥٥٠ ق.م),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

مسجلة في Registered
ROAD

مفهرسة في Indexed
IASJ

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٦

# Marriage as a political tool in the Median state and its impact on political changes (625-550 BC)

**Chimaan Raqib Fateh**
**Department of History, Faculty of Arts, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region, Iraq**
**chiman.fatih@su.edu.krd**

**Keywords** : Political marriage, alliance, Median state, political changes, Achaemenid.

**How To Cite This Article**
Fateh , Chimaan Raqib , Marriage as a political tool in the Median state and its impact on political changes (625-550 BC) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract**
Political marriage was one of the most important diplomatic tools in the ancient world. As a political instrument in the history of the Median state, it significantly influenced political changes. Median kings sometimes arranged alliances with contemporary ruling families through political marriage to strengthen diplomatic relations, ensure border security, and consolidate and maintain their power. Thus, one of the most important political functions of political marriage was to build a strong alliance to resolve conflicts and consolidate power. However, in the history of the Median state, political marriage did not only serve to strengthen the state and maintain power, but it also played a crucial role in the eventual collapse of the Median state and was a factor in the transfer of power from the Medes to the Achaemenid Persians. Therefore, Political marriage was considered one of the decisive factors in determining the fate of the Median state. The research is divided into four topics, in addition to the summary, introduction, conclusions, list of sources and appendices. The second topic deals with the political marriage between Amitas and Nebuchadnezzar II. The third topic deals with the marriage of

Astyages to Arenas Fourth, the political marriage of Mandani with Qambiz is mentioned.

ملخص

كان الزواج السياسي من أهم الأدوات الدبلوماسية في العالم القديم. وبالطبع، كأداة سياسية في تاريخ الدولة الميدية، و قد أثّر واضح على التغيرات السياسية. كان ملوك الميدي احياناً يُرتبون مع العائلات الحاكمة المعاصرة عن طريق الزواج السياسي لتعزيز العلاقات الدبلوماسية، وضمان أمن الحدود، وتوطيد سلطتهم والحفاظ عليها. لذا، كان من أهم المهام السياسية للزواج السياسي بناء تحالف قوي لإنهاء النزاعات وتوطيد السلطة. مع ذلك، في تاريخ الدولة الميدية، لم يقتصر دور الزواج السياسي على تقوية الدولة والحفاظ على السلطة فحسب، بل لعب دورًا حاسمًا في انهيار الدولة الميدية في نهاية المطاف، وكان عاملًا في انتقال السلطة من الميديين إلى الفرس الأخمينيين. وبالتالي، كان الزواج السياسي يعد بأحد العوامل حاسمة في تحديد مصير الدولة الميدية. لا يقتصر هدف هذه الورقة على توضيح أسباب عمليات الزواج السياسي، بل يتعداه إلى شرح وتقييم أثر هذا الزواج على الأحداث السياسية خلال الحكم الميدي. وتُعدّ دراسة تبعات الزواج السياسي على التغيير السياسي من أهم جوانب هذه الدراسة، إذ ساهم هذا الزواج، كأداة، في حلّ النزاعات وتعزيز الدولة الميدية وانهيارها. وقد استُخدم المنهج التاريخي في هذه الدراسة. ومن خلال تحليل الأحداث التاريخية، تبيّن أن للزواج السياسي أثراً في التغيير السياسي. ينقسم البحث إلى أربعة محاور، بالإضافة إلى الملخص والمقدمة والاستنتاجات وقائمة المصادر والملاحق. يتناول المحور الثاني الزواج السياسي بين أميتاس ونبوخذ نصر الثاني. ويتناول المحور الثالث زواج أستياجيس من أريناس. أما المحور الرابع، فيُذكر فيه الزواج السياسي بين مانداني وقمبيز.

**هاوسەرگیری وەک ئامرازێکی سیاسی لە دەوڵەتی میدی و کاریگەری لە سەر گۆڕانکاریە سیاسیەکان لە (٦٢٥-٥٥٠پ.ز)**

چیمەن رقیب فاتح
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
chiman.fatih@su.edu.krd

**پوختە**

هاوسەرگیری سیاسی یەکێک بوو لە گرنگترین ئامرازە دبلۆماسیەکان لە جیهانی کۆندا، بێگومان وەک ئامرازێکی سیاسی لە مێژووی دەوڵەتی میدی کاریگەری لەسەر گۆڕانکاریە سیاسیەکان هەبووە، زۆرجار پاشایانی میدی لەگەڵ بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی هاوسەردەمیان هاوسەرگیریان رێکدەخست بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییە دبلۆماسیەکان و دابینکردنی ئاسایشی سنور و بەهێزبوون و مانەوە لە دەسەڵاترۆییدا، هەربۆیە لە گرنگترین ئەرکە سیاسییەکانی هاوسەرگیری سیاسی دروستکردنی هاوپەیمانیەتیەکی بەهێز بووە، لەپێناو کۆتاییهێنان بە ململانێکان و چەسپاندنی دەسەڵات، بەڵام لەگەڵ ئەوانەش لە مێژووی دەوڵەتی میدی هاوسەرگیری سیاسی تەنها لە بەهێزکردنی دەوڵەت و پاراستنی دەسەڵات رۆڵی نەبووە، بەڵکو لە هێنانەدی رووخانی دواجاری دەوڵەتی میدی رۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەبوو و فاکتەری



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٦

گواستنەوەی دەسەڵات لە میدییەکان بۆ فارسە هەخامەنشیەکان بوو، بەمەش هاوسەرگیری سیاسی فاکتەری یەکلاکەرەوەی چارەنووسی دەوڵەتی میدی بوو.

**کلیلە وشە: هاوسەرگیری سیاسی، هاوپەیمانیەتی، دەوڵەتی میدی، گۆڕانکاریە سیاسیەکان، هەخامەنشیەکان.**

## پێشەکی

هاوسەرگیری لە مێژووی میدییەکان وەکو ئامرازێکی سیاسی بەهێز، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە چارەنووسی سیاسی دەوڵەتی میدی هەبوو، لە سەدەی حەفتەمی پێش زایین میدییەکان، کە یەکێك بوون لە نەتەوە دێرینەکانی کورد وەکو هێزێکی سەرەکی لە ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن سەریان هەڵدا، پاشایانی میدی لەپێناو بونیادنانی دەوڵەتێکی بەهێز وەک زۆرێک لە دەوڵەتانی جیهانی کۆن، بایەخێکی زۆریان بە فراوانخوازیدا، هەروەها هاوسەرگیریان وەک ئامرازێکی سیاسی و دبلۆماسی بۆ پتەوکردنی پەیوەندیان لەگەڵ هێزەکانی هاوسەردەم و دەستەبەرکردنی ئاشتی بەکاردەهێنا، لەڕێگەی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵە شاهانەکانی دەوڵەتانی ڕکابەر یان هاوپەیمان، دەیانتوانی پەیوەندییە دبلۆماسییەکان باشتر بکەن و ئەگەری ململانێ کەم بکەنەوە و هەندێکجار پشتیوانی سەربازی دەستەبەربکەن، هەروەکو لەماوەی فەرمانڕەوایکردنی پاشای میدی (کەی ئەخسار) هاوپەیمانیەتیەك لەگەڵ پاشای کلدی (نابوپولاصەر) بەسترا و هاوسەرگیریان لە نێوان منداڵەکانیان ڕێکخست ئەوانیش کچە شازادەی میدی (ئەمیتاس) و (نەبوخوذنەصەر)، بەمەش پەیوەندیەکی دۆستانەیان دروستکرد و ئەو هاوسەرگیرییە فاکتەری سەرەکی سەرکەوتنی میدییەکان و کلدانییەکان بوو لە هێنانەدی ئامانجەکانیان، کە ڕووخانی دەوڵەتی ئاشوری بوو. دوای بەرفراوانکردنی سنوری سیاسی لە سەردەمی (کەی ئەخسار) و ڕووبەڕووبوونەوەی میدییەکان بە جەنگ لەگەڵ لیدییەکان، لەپێناو دروستکردنی سەقامگیری سیاسی هەستان بە ئەنجامدانی هاوسەرگیری لەنێوان شازادەی میدی (ئەستیاگیس) و کچە شازادەی لیدی (ئەریناس)، بێگومان ئەم جۆرە هاوسەرگیریە هێمای ئاشتەوایی بوو و یارمەتیدەر بوو بۆ دووبارەنەبوونەوەی جەنگ و بەرقەرارکردنی ئاسایشی سنور و سەقامگیرکردنی پەیوەندییەکانیان، کە لە قۆناغی ململانێ بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوانەش وادیارە ئەنجامدانی هاوسەرگیری سیاسی فاکتەرێکی ئاسانکاری لاوازبوون و دارمانی دەوڵەتی میدی بوو، یەکێک لە نموونە هەرە گرنگەکان، هاوسەرگیری نێوان (ماندانی) کچی پاشای میدی (ئەستیاگیس) و (قەمبیز)ی فەرمانڕەوای هەرێمی فارس، ئەو هاوسەرگیریە بە مەبەستی پتەوکردنی پەیوەندیە سیاسیەکانی نێوان میدییەکان و فارسە هەخامەنشیەکان و زیاتر دەستەبەرکردنی دڵسۆزی هەخامەنشیەکان بۆ دەسەڵاتی میدییەکان بوو، هەروەها بڕیار بوو ئەو هاوسەرگیریە باڵادەستی میدییەکان مسۆگەر بکات، و بە ئامانجی بەهێزکردنی دەوڵەتی میدی و بەردەوامبوون لە دەسەڵاترۆییان دارێژرابوو، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاسانکاری بۆ توانەوەی میدییەکان بۆ ناو ئیمپراتۆریەتێکی گەورەی فارس کرد، چونکە لەمیانەی ئەو هاوسەرگیرییە (کۆرش)ی گەورە کە یەکێک بوو لە کەسایەتیە کاریگەرەکانی مێژووی جیهانی کۆن لەدایك دەبێت، کە فاکتەری گۆڕانکاری سیاسی و ڕووخانی دەوڵەتی میدی بوو.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانج لە نوسینی ئەو توێژینەوەیە بێجگە لە ئاماژەکردن بە هۆکاری ئەنجامدانی پرۆسە هاوسەرگیرییەکان، بەڵکو بریتیە لە ڕوونکردنەوە و هەڵسەنگاندنی کاریگەری

هاوسەرگیری سیاسی بنەماڵەی شاهانەی میدی لەسەر ڕووداوە سیاسیەکانی ماوەی فەرمانڕەواییکردنی میدییەکان.

**گرنگی توێژینەوە:** لێکۆڵینەوە لە دەرئەنجامەکانی هاوسەرگیری سیاسی لەسەر گۆڕانکاریە سیاسیەکان یەکێکە لەلایەنە گرنگەکانی ئەو توێژینەوەیە، چونکە وەك ئامرازێك بەشداریيان لە چارەسەرکردنی ناکۆکی و بەهێزبوون و ڕووخانی دەوڵەتی میدی هەبووە.

**هەڵبژاردنی ناونیشان:** هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەست بوونی گۆڕانی نەخشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن لە ناوەڕاستی هەزارەی یەکەمی پێش زایین بە هاوپەیمانییەتی و پرۆسەی هاوسەرگیریە سیاسیەکانی ئەندامانی شاهانەی میدی.

**ڕێبازی توێژینەوە:** بۆ نوسینی ئەو توێژینەوەیە ڕێبازی (شیکاری مێژوویی) بەکارهێنراوە، لە ڕێگەی شیکاری ڕووداوە مێژووییەکان دەردەکەوێت هاوسەرگیریە سیاسیەکان کاریگەریان لەسەر گۆڕانی سیاسی هەبووە.

**پێکهاتەی توێژینەوە:** توێژینەوەکە بێجگە لە پوختە و پێشەکی و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوە و پاشکۆکان، بۆ سەر چوار تەوەرە دابەشکراوە، لە تەوەرەی یەکەم: تیشك خراوەتە سەر دەروازەیەك دەربارەی میدییەکان، تەوەرەی دووەم: باس لە هاوسەرگیری سیاسی نێوان (ئەمیتاس) لەگەڵ (نەبوخوذنەصەری دووەم) دەکرێت، تەوەرەی سێیەم: هاوسەرگیری (ئەستیاگیس) لەگەڵ (ئەریناس) دەخرێتەڕوو، لە تەوەرەی چوارەم: هاوسەرگیری سیاسی (ماندانی) لەگەڵ (قەمبیز) باسکراوە.

**تەوەرەی یەکەم: دەروازەیەك دەربارەی میدییەکان**

میدییەکان وەکو یەکێك لە گەلانی دێرینی کوردستان، کە نەتەوەیەکی بەرەگەز ئارياییین، لەکۆتاییەکانی هەزارەی دووەمی پێش زایین و سەرەتاکانی هەزارەی یەکەمی پێش زایین لە بەشی باکور و باکوری ڕۆژئاوای ئێران بڵاوبوونەوە (هەمەوەندی، ٢٠١٥، ل١)، دەرکەوتن و ناوهێنانی میدییەکان بۆ یەکەم جار لەرووداوە سیاسیەکان لە تێکستە مێخیەکانی پاشا (ئاشوریەکان)[١] هاتوە، بەتایبەتی لە نوسراوەکانی (شەلمەنەسەری سێیەم-Šalmanasar -٨٥٨-٨٢٤) لە کاتی ئەنجامدانی لەشکرکێشیەك لە دەوروبەری (٨٣٦پ.ز) ئاماژەی بە میدییەکان کردووە (بهزادی، ٢٠١١، ل٨٦)، و ناویان لە نوسراوەکان بە شێوەی جیاواز هاتوە لەوانەش (ئامادای، مادای، ماتای، ماد، ...هتد)، میدییەکان پێش یەکگرتن و دروستبوونی دەوڵەتیان لە شەش هۆز پێکهاتبوون ئەوانیش هۆزی (بوسیەکان، پارتاکتەکان، سترۆخاتیەکان، ئاریزانتەکان، بوودلیۆکان، موغەکان) لەسەرەتا خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوونە، بەڵام بەردەوامی هێرش و لەشکرکێشی پاشایانی ئاشوری فاکتەری دروستبوونی بیرۆکەی یەکگرتن و دامەزراندنی دەوڵەت لەنێوان هۆزە میدییەکان بوو (محەمەد، ٢٠٢١، ل١٣١-١٣٦).

لێرەدا پاشا (دیاکۆ-Diakko-٧٠٠-٦٧٥پ.ز) بە دامەزرێنەری دەوڵەتی میدی دادەنرێت و یەکەم پاشای میدییەکان بوو، بەهۆی دادوەری و زیرەکی و لێهاتوویەکەیەوە ڕۆلی لەیەکگرتنی هۆز و خێلەکانی میدی هەبوو، بڕیاریدا بە دروستکردنی شارێك بە ناوی (ئەگبەتانا)[٢] وەکو پایتەختی دەوڵەتی میدی هەڵبژێردرا (أحمد، هاشمی، د.ت، ص٨٥)، و هەستا بە بەستنی

هاوپەیمانی لەگەڵ (ئۆرارتۆیەکان)[٣] دژی دەوڵەتی ئاشوری، بەڵام (سەرجۆنی دووەم- Sargon ٧٢١-٧٠٥پ.ز) پاشای ئاشوری هێرشی کردە سەر هێزی هاوپەیمانان و سەرکەوتنی بەدەست هێنا و (دیاکۆ)ی دورخستەوە بۆناوچەی (حەما) لە سوریا (أحمد، ٢٠٠٩، ص١٠٩).

لەدوای دیاکۆ کورەکەکەی (فرائۆرتیس- Phraortes -٦٧٥-٦٥٣پ.ز) دەسەڵاتی گرتە دەست، پاشایەکی بەهێز بوو، توانی بەشێکی زۆر لە زلهێزەکانی دەوروبەری بکات بە هاوپەیمانی میدییەکان لەوانەش (سکیتییەکان)[٤]، هەروەها لەم ماوەیدا پاشای ئاشوری (ئەسەرحەدون- Esarhaddon-٦٨١-٦٦٩پ.ز) سیاسەتێکی ئاشتیانەی لەگەڵ چەند سەرکردە و فەرمانڕەوایەکی میدییەکان پەیرەوکرد، بەڵام وادیارە لەسەر سیاسەتە ئاشتەواییەکەی بەردەوام نەبووە و هەستا بە بەستنی رێکەوتنامەیەك لەگەڵ پاشای سکیتییەکان دژی میدییەکان، بۆیە لەکاتی هێرشی میدییەکان بۆسەر (نەینەوا)، سکیتییەکان لە دواوە هێرشیان کردە سەر میدییەکان و (فرائۆرتیس) کوژرا (حسن، ٢٠٢٢، ل٩٣ ؛ محەمەد، ٢٠٢١، ل١٣٨-١٣٩)، بەمشێوە میدییەکان لە ساڵی (٦٥٣پ.ز) کەوتنە ژێر دەسەڵاتی سکیتیەکان بۆ ماوەی (٢٨) ساڵ هەتا هاتنی (کەی ئەخسار-Kyaxsar-٦٢٥-٥٨٥پ.ز) کوری (فرائۆرتیس) توانی دەسەڵاتی سیکیتیەکان لە ساڵی (٦٢٥پ.ز) بە سەر میدییەکان کۆتایی پێبهێنێت (دیاکۆنۆڤ، ٢٠٠٨، ل٣٥٨ ؛ جەمیل، ٢٠٢١، ل١٣٩).

لەگەڵ ئەوەی (کەی ئەخسار) لە دروستکردنی ئیمپراتۆریەتێکی گەورە سەرکەوتو بوو، بەڵام لە سەردەمی (ئەستیاگیس-Astyages-٥٨٥-٥٥٠پ.ز)ی کوری، کە کۆتاهەمین پاشای میدییەکان بوو، بەهۆی خراپبوونی بارودۆخی ناوخۆی وڵات لەساڵی (٥٥٠پ.ز) دوای ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ سوپای (کۆرش-Cyrus٥٥٨-٥٣٠پ.ز)ی پاشای (هەخامەنشیەکان)[٥] (ئەستیاگیس) بەدیل گیرا و کۆتایی بەدەسەڵاتی میدییەکان هات (سەرفراز، فەیروزمەندی، ٢٠٠٩، ل ٤١-٤٢).

### تەوەرەی دووەم: هاوسەرگیری سیاسی ئەمیتاس لەگەڵ نەبوخوذنەصەردووەم

وڵاتی میدی بە درێژایی مێژوو ڕووبەرووی زۆرترین لەشکرکێشی لەلایەن پاشایانی ئاشوری بوویتەوە، و لە نوسراوی پاشایانی ئاشوری ئاماژە بە داگیرکردن و دەستکەوتی جەنگی و وەرگرتنی سەرانەی ئەو وڵاتە دەکرێت، لە دیارترینیان هێرشەکانی (سەرجۆنی دووەم) بوو، کە سەرکەوتنی بەدەست هێنا، (وەك لە پێشو ئاماژەپێکرا) پاشا (دیاکۆ)ی لەگەڵ بنەماڵەکەی بۆناوچەی (حەما) لە سوریا دورخستەوە (مجید، ٢٠١٧، ص٢٣-٣١)، بەدیلگرتنی (دیاکۆ) نەبووەهۆی بێهێزبوونی میدییەکان، بەڵکو لەسەر شۆڕش و ڕاپەڕینەکانیان بەردەوامبوون، بەتایبەتی لەگەڵ دەستپێکی فەرمانڕەوایی پاشا (کەی ئەخسار)، دوای چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان و ئامادەکردنی سوپایەکی بەهێز و ڕێکخراو، توانی دەوڵەتێکی بەهێز دابمەزرێنێت (جەمیل، ٢٠٢١، ل١٣٧-١٤٠)، و خۆی بۆ جەنگی دژ بە ئاشوریەکان ئامادەکرد، هەستیکرد مانەوەی دەوڵەتێکی گەورە و بەهێزی وەکو ئاشوریەکان، کە هەمیشە وەکو هێزێکی هەڕەشە بوون بۆسەر دەوڵەتەکەیان پێویست دەکات لەناوبچن، چونکە بە لەناوبردنی ئەوان وڵاتەکەی لە گەورەترین مەترسی یەکلایی دەکردەوە (الخلیل، ٢٠١١، ص٦٣-٦٦).

گومانی تێدانیە سەرهەڵدانی بارگرژی سیاسی لە دەوڵەتی ئاشوری، بەتایبەتی دوای جیابوونەوەی بابل لەسەردەمی (نابوپولاصر-Nabopolassar-٦٢٦-٦٠٥پ.ز)ی پاشای دەوڵەتی (کلدی)[٦] لە دەسەڵاتی ئاشوریەکان و ئەنجامدانی لەشکرکێشیان بۆسەر وڵاتی ئاشور (Mcintosh, 2005, p108)، زیاتر ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ لەشکرکێشی (کەی ئەخسار) لە ساڵی (٦١٤پ.ز) بۆسەر شاری (ئاشور: قلعة الشرقاط ئێستا) ، لەسەرەتادا بە شاری (ئاراپخا: کەرکوکی ئێستا) تێپەڕیوون و کۆنترۆڵیان کرد، پاشان شاری (تەربیصو: شەریف خانی ئێستا) یان داگیرکرد، ئینجا لە ڕووباری دیجلە پەڕینەوە (الطائي، الطرفي، ٢٠١٣ ص٣٦٩-٣٧٠)، و هێرشیان کردە سەر شاری (ئاشور)، سەرکەوتوبوون لە داگیرکردنی، دوای داگیرکردنی ئەو شارە ئینجا (نابوپولاصەر) خۆی گەیاندە لای میدییەکان (Grayson, 1975, p18).

پەیوەندی دبلۆماسیەت و ئەنجامدانی هاوسەرگیری سیاسی لەژێر کاریگەری یەك ئامانج لەنێوان میدییەکان و کلدانیەکان دروستبوو، بەشێوەیەك هەردوو لایەن بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسیەکانیان، کە ئەویش ڕووخانی دەوڵەتی ئاشوری بوو، هەستان بە بەستنی هاوپەیمانیەتیەکی سەربازی، وە لەپێناو زیاتر بەهێزکردنی پەیوەندیەکانیان هاوسەرگیری لەنێوان کچە شازادەی میدی (ئەمیتاس-Amytas)ی کچی (کەی ئەخسار) لەگەڵ (نەبوخوذنەصەریدووەم-Nabuhodonosor-٦٠٤-٥٦٢پ.ز) کوری (نابوپولاصەر) ئەنجامدرا (العلان، ٢٠١٩، ص٨٨).

ئەو هاوسەرگیریە سیاسی و هاوپەیمانەتیە ڕۆڵی لە بەهێزبوونی پەیوەندی نێوان هەردوو دەوڵەتی میدی و کلدی هەبوو، کە بە هەماهەنگی هێرشەکانیان ئەنجام بدەن، لەوانەش یەکەمین لەشکرکێشیان بۆ سەر شاری (دورشاروکین: خورسابادی ئەمرۆ) بووە، پاشان هێزی هاوپەیمانان لە (٦١٢پ.ز) هێرشیان کردە سەر شاری (نەینەوا)، دوای سێ مانگ لە گەمارۆدانی (علي، ٢٠١٨، ص٥٩)، بیریان لە گۆڕانی ئاڕاستەی ئاوی ڕووباری دیجلە کردەوە، کە لەڕێگەی چەند خەندەقێکەوە بەرەو شاری نەینەوا ئاڕاستەیان گۆڕی، بەمەش لافاوێکی گەورە دروست بوو، بووەهۆی ڕووخانی شورا پتەوەکەی شاری نەینەوا، هێزی هاوپەیمانان دوای ئەنجامدانی کاولکاری زۆر و کوژرانی دواهەمین پاشای ئاشوری (سین-شار-ئیشکون--Sîn-šar-îškun-٦٢٤-٦١٢پ.ز) لە داگیرکردنی نەینەوا سەرکەوتوبن (الطائي، الطرفي، ٢٠١٣، ص٣٧١).

لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێك لە ئاشوریەکان بە سەرکردایەتی (ئاشور-ئۆباليتی دووەم--Aššur-uballit-٦١٢-٦١٠پ.ز) کە یەکێك بوو لە ئەندامانی بنەماڵەی پاشایەتی ئاشوری، لەکاتی داگیرکردنی شاری نەینەوا توانیان خۆیان ڕزگاربکەن و بەرەو ناوچەکانی حەران لە سوریا ڕۆیشتن (محمد، ١٩٨٣، ص٥٠)، بەڵام هێزی هاوپەیمانان بە مەبەستی ڕێگریکردن لە دووبارە سەرهەڵدانەوەی دەسەڵاتداریەتی ئاشوریەکان هێرشیان کردە سەر حەران، و بوونەهۆی پاشەکشەکردنی (ئاشور-ئۆباليت) لە شارەکە لەکاتێکدا، کە چاوەڕوانی پشتگیری سوپای میسری دەکرد (Grayson, 1975, p19)، دواجار (نەبوخوذنەصەر) ڕووبەڕوویان بۆوە لە شەڕێك لە ناوچەی (کەرکمیش: تەرابلوسی ئێستا) لە (٦٠٥پ.ز) سوپای میسر بە سەرکردایەتی (نیخۆی دووەم-٦١٢-٥٩٥پ.ز) پاشای بنەماڵەی بیست و شەشەمی میسر و ئاشوریەکان توشی شکستێکی گەورە بوون (ساکز، ١٩٩٩، ص١٧٤).

دوای سەرکەوتنی هێزی هاوپەیمانان لەڕێگەی بەستنی ڕێکەوتنامەیەك ناوچەکانی سەر بە قەڵەمڕەوی دەوڵەتی ئاشوری لەنێوان میدییەکان و کلدانیەکان دابەشکرا، بەشێوەیەك بێجگە لە باشوری میسۆپۆتامیا وڵاتی شام بوو بە بەشێك لە خاك و دەوڵەتی بابلی، وە بەشێك لە ناوچەکانی ئاسیای بچوك و باکوری میسۆپۆتامیا و ڕۆژئاوای ئێران کەوتنە ژێر دەسەڵاتی میدییەکان بەمەش سنوری دەوڵەتی میدی بەرفراوان بوونێکی زۆری بەخۆیەوەبینی (پیرنیا، ۲۰۱۳، ص۱۳۳). چونکە لە سەرەتادا لە باکور دەریای قەزوین و ڕووباری (ئەرکسس) ئاراسی ئێستا، لە باشور وڵاتی فارس و عیلام، و لە ڕۆژهەڵات دەشتی (کوییر) لە خۆراسانی ئێستا، لەرۆژئاوا دەوڵەتی ئاشوری سنورەکەیان دیاری کردبوو و بەردەوام لە گۆڕاندا بوو، کە هەندێکجار بەرتەسکبوونەوەی بەخۆیەوە دەبینی (مارف،۲۰۱۰، ل۲۳)، بەڵام دوای ڕووخانی دەوڵەتی ئاشوری سنوری سیاسی میدییەکان لە (باختریا) ئەفغانستان لە ڕۆژهەڵات بەرەو کەناری دەریای ناوەڕاست لە ڕۆژئاوا، هەروەها لە باکور لە دەریای قەزوین هەتا کەنداوی فارسی لە باشور درێژ دەبۆوە (جەمیل، ۲۰۲۱، ل۱٤٥-۱٤٦).

کەواتە ئەنجامی ئەو هاوسەرگیرییە سیاسیە و بەستنی ئەو هاوپەیمانەتیە فاکتەری سەرکەوتنی هاوپەیمانان و گۆڕانی هاوسەنگی هێز بوو، چونکە لەپاڵ ڕووخانی دەوڵەتی ئاشوری، کە بە گەورەترین ئیمپڕاتۆریەتی هەزارەی یەکەم ناسراوە، بەڵکو هێزی نوێی وەك ئیمپڕاتۆریەت بەرهەم هێنا ئەوانیش دەوڵەتانی میدی و بابل بوو، کە ئەوەش دابەشبوونەوەی جیهانی کۆن لەنێوان چواردەوڵەتی بەهێز و هاوسەردەمی لێکەوتەوە، کە دەوڵەتەکانی (میدی، بابل، **لیدیا**[۷]، میسر)ی دەگرتەخۆ (Olmstead, 1948, P33 ؛ أحمد، ۲۰۱٥، ص۹۸).

هەروەها دەرئەنجامێکی دیکەی گرنگی ئەو پەیوەندیە دۆستانەیە دەربارەی میدییەکان بێجگە لە ڕووخان و ڕزگاربوونیان لە پاشکۆیەتی دەوڵەتی ئاشوری و بەرفراوانبوونی سنوری سیاسیان، بەڵکو بریتی بوو لە ڕاکێشانی هێزێکی هاوسەردەم و گەورەی وەکو بابلیەکان و مسۆگەرکردنی پاڵپشتی و هاوپەیمانی سەربازی بابلیەکان، چونکە ئەگەر ئەو پەیوەندییە دۆستانەیە و هاوسەرگیریە سیاسیە دروست نەبوایە، ڕەنگە لە داهاتودا ئاشوریەکان هێزی بابلیەکانیان دژ بە میدییەکان بەکارهێنابووایە (الخلیل، ۲۰۱۱، ص٦٥). و دەربارەی کلدانیەکان بێجگە لە بەرفراوانبوونی سنور، زیاتر بووەهۆی سەقامگیری ئاسایشی سنوریان لەبەرەی باکور و باکوری ڕۆژهەڵات، و فاکتەری بایەخدانی هەڵمەتە سەربازیەکانی (نەبوخوذنەصەر) بۆسەر بەشی ڕۆژئاوا و وڵاتی شام بوو (محمد، ۱۹۸۳، ص٦۳). کەواتە ئەو پەیوەندییە دۆستانەیە دەرئەنجامێکی یەکلاکەرەوە و گرنگی هەبوو، دەربارەی پاراستن و ئاسایشی سنوری هەردوو دەوڵەت، چونکە بە لەناوبردنی دەوڵەتی ئاشوری گەورەترین هێز و ڕکابەریان کۆتاییهات، ڕەنگە ئەگەر بەستنی ئەو هاوپەیمانەتیە و هاوسەرگیرییە سیاسیە نەبووبایە ڕووخانی دەوڵەتی ئاشوری بۆ هەر دەوڵەتێك کارێکی ئەستەم دەبوو.

جێگای ئاماژەیە دوای ڕووخانی دەوڵەتی ئاشوری، هەوڵدانی (کەی ئەخسار) بۆ بەرفراوانکردنی سنوری سیاسی دەوڵەتەکەی بەتایبەتی لە بەرەی ڕۆژئاوا، وادیارە ترسێکی لەلای (نەبوخوذنەصەر) دروست کردبێت، چونکە پاشای بابل بۆ زیاتر پاراستنی سنور و قەڵەمڕەوییە سیاسیەکەی هەستا بە بونیادنانی شورا بەرامبەر سنوری میدییەکان بۆ بەریگردن لە ئەگەری هەر هێرشێکی لەناکاوی پاشای میدی (دیاکۆنۆڤ، ۲۰۰۸، ل ۳۸۳-۳۸٤)، ئەو شورایە بە (شورای میدیا) ناسراوە، کە لە کەناڵی سەقلاوی نزیك ڕووباری فورات دەست پێدەکات و هەتا

شاری (عەقەرقوف) پاشان هەتا ڕووباری دیالە درێژدەبێتەوە، لە ڕۆژگاری ئێستا هەندێك لە شوێنەواری ئەو شورایە لە باکوری شاری بلد پاشماوەی ماوە (هەمەوەندی، ٢٠١٥، ل١٧-١٧)، بەڵام هیچ هێرشێك بۆسەر سنوری سیاسی پاشای بابلی لە ماوەی فەرمانڕەوایی (کەی ئەخسار) ئەنجام نەدراوە، ڕەنگە ئەو هاوسەرگیرییە سیاسیە و بەرزی پێگەی (ئەمیتاس) لای (نەبوخوذنەصەر) هۆکارێك بووبێت پاشای میدی هەرگیز بیر لە لەشکرکێشی بۆسەر سنوری دەوڵەتی بابلی نەکاتەوە.

بەڵگەش بۆ ئەو ڕاستیە بەگوێرەی نوسراوێکی مێخی سەردەمی (نەبوخوذنەصەر) کە تێیدا نوسراوە (Kaš-Ša- a marrat Šarri) واتا (کاش-شا-کچی پاشا)، (محمد، ١٩٨٣، ص٥٧) دەگوترێت (کاش-شا) کچە گەورەی (نەبوخوذنەصەر) بوو ، دوای لێکدانەوەی بنەما و واتای ناوەکەی کە مانای (کچی گردەگان) دەگەیەنێت، لێکۆلەران پێیانوایە کچی (ئەمیتاس) بێت (Reade, 2000, P199)، هەروەها بونیادنانی (باخچە هەڵواسراوەکەی)[٨] شاری بابل لەلایەن (نەبوخوذنەصەر) بۆ (ئەمیتاس)ی هاوسەری، ئاماژەیە (ئەمیتاس) پێگەیەکی بەرزی لەناو کۆشکی پاشایەتی بابل هەبووە، هەربۆیە پەیوەستبوونی هاوپەیمانان لە مانەوە و بەردەوامبوونی پەیماننامەکە، وە ئاڕاستەی سیاسەتی دەرەوەیان دەکرێت بگوترێت دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵ و پێگەی شاژن (ئەمیتاس) لەلای پاشای بابل (أحمد، ٢٠١٥، ص٩٤).

هەروەها بەڵگەیەکی دیکە بۆ ئەو ڕاستیە ئەو هاوپەیمانەتیە بە مردنی (کەی ئەخسار) و وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن پاشا (ئەستیاگیس) کوری کۆتایی پێهات، چونکە پاشای نوێی میدی هەستا بە ئەنجامدانی لەشکرکێشی بۆسەر شاری (حەران) سنوری سیاسی بابلیەکان، ئەوەش نەمانی ئەو پەیوەندییە دبلۆماسیەی لێکەوتەوە و فاکتەری گۆڕانی بابلیەکان لە هاوپەیمانێکی دۆستانە بۆ دوژمنێکی میدی بوو، بەجۆرێك (کۆرش)ی هەخامەنشی سودی لەم پەیوەندیە وەرگرت و هاوپەیمانەتیەکی بەهێزی لەگەڵ (نابونائید-Nabonide-٥٥٦-٥٣٩پ.ز) پاشای بابل دژی میدییەکان بەست (احمد ، الهاشمي، د.ت، ص٩٣ )، و پاشای بابل پشتوانی خۆی بۆ هەخامەنشیەکان ڕاگەیاند، چونکە بە داگیرکردنی (حەران) میدییەکان دەیانتوانی زۆر بە ئاسانی کۆنترۆڵی ناوچەکانی دیکەی سنور و قەڵەمڕەوی سیاسی بابلیەکان لە سوریا بکەن (چامپدێر، ٢٠٠٥، ل٥٣).

**تەوەرەی سێیەم: هاوسەرگیری سیاسی ئەستیاگیس لەگەڵ ئەریناس**

پاشای میدی (کەی ئەخسار) هەوڵیدا بۆ بەرفراوانکردنی سنوورەکانی بۆ ئاسیای بچووك، بەتایبەتی وڵاتی لیدیا، بەگوێرەی گێڕانەوەی (هیرۆدۆت) فاکتەری لەشکرکێشی بۆ سەر وڵاتی لیدیا بۆ ڕووداوێکی مێژوویی دەگەڕێتەوە و پەیوەستە بە داواکاری پاشای میدی لە پاشای لیدییەکان، ئەوەش لەکاتێکدایە دوای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەسکیتیەکان بە شەڕێکی ناوخۆیی، کۆمەڵێکیان بەرەو وڵاتی میدی هاتن، (کەی ئەخسار) بە میهرەبانییەوە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون، تەنانەت ڕاهێنان و فێرکردنی هونەری جەنگ و هاوێشتنی تیر و کەوانی گەنجانی وڵاتی میدی بە ئەسکیتیەکان سپارد، بەڵام وادیارە ڕۆژێکیان لە کاتی ڕاوکردن بە دەستی بەتاڵ گەڕاینەوە، ئەوەش تورەبوونی (کەی ئەخسار)ی لێدەکەوێتەوە و خراپ مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، هەربۆیە ئەوانیش لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی پاشای میدی هەستان بە سەربڕینی یەکێك لە گەنجە میدییەکان، گۆشتەکەیان پێشکەش بە پاشای میدی کرد و پاشان هەڵاتن بۆ

دەرباری پاشای لیدیا (ئەلیاتس-Alyattes-٦٣٥-٥٨٥پ.ز)، کاتێک پاشای میدی ڕاستییەکانی زانی، پەیامی بۆ پاشای لیدیا نارد و داوای ڕادەست کردنی ئەسکیتیەکانی کرد، بەڵام (ئەلیاتس) داواکارییەکەی ڕەتکردەوە، بەمەش شەڕ لە نێوان دەوڵەتی میدی و لیدیا هەڵگیرسا (هیرۆدۆت، ٢٠١٣، ل٥٨-٥٩).

سەرەرای ئاماژەپێکردنی (هیرۆدۆت) بە فاکتەری دەستپێکی شەڕی نێوان میدییەکان و لیدییەکان لە کتێبەکەی، بەڵام ڕەنگە ئەو شەڕە زیاتر پەیوەست بێت بە فراوانبوونی سنوری سیاسی میدییەکان، چونکە بە لەناوچوونی ئاشوریەکان جموجۆلی (کەی ئەخسار) بەرەو رۆژئاوا و ئاسیای بچوك دەستیپێکرد، کە زیاتر مەبەستی دەستگرتن بەسەر شانشینی لیدیا بوو (الأحمد، الهاشمي، د.ت ،ص٩١)، هەروەها ڕەنگە ئەو لەشکرکێشیەی میدییەکان بە خواست و ئارەزووی پاشای میدی پەیوەست بێت کە ئەویش جێگرتنەوەی ئاشوریەکان بێت لە دەسەڵاترۆییدا (حامدي، مرزوق، مهدية، ٢٠٢٤، ص٢٠) بەمەش جەنگی نێوان سوپای لیدییەکان و میدییەکان دەستی پێکرد و بۆماوەی پێنج ساڵ بەردەوام بوو، ساڵی (٥٨٥پ.ز) دوای ڕوودانی شەڕێك، کە لە مێژوودا بەشەری (کسوف) واتە خۆرگیران ناسراوە، لەبەرئەوەی لەناکاو خۆرگیرانێکی ماوە درێژ ڕوویدا و سەربازەکانی هەردوولا بەرەی جەنگیان چۆڵکرد، چونکە بڕوایان وابوو ئەو ڕووداوە ئاماژەیە بۆ تورەیی خواوەندەکان بەرامبەر ئەو جەنگەی ئەوان، بەمەش هیچ دەرئەنجامێکی یەکلاکەرەوەی نەبوو، هەربۆیە هەردوو پاشا بڕیاریاندا جەنگ ڕابگرن و پەیماننامەیەکی ئاشتەواییان مۆرکرد (العلان، ٢٠١٩، ص٩٠).

بێگومان بە ئامادەبوونی نوێنەری پاشای (کیلیکیا) و پاشای بابل پەیمانی ئاشتی و هاوپەیمانی لەنێوان میدییەکان و لیدییەکان بەسترا، ڕووباری قزل ئیرماك (هالیس) وەك سنووری سیاسی نێوان دەوڵەتی میدی و لیدیا دیاریکرا، هەروەها بۆ ڕێگریکردن لە دووبارە هەڵگیرسانەوەی جەنگ و زیاتر پتەوبوونی پەیوەندییەکانیان هاوسەرگیری سیاسی لەنێوان (ئەستیاگیس) کوری (کەی ئەخسار) و (ئەریناس-Arenes) کچی (ئەلیاتس) ئەنجامدرا (دیاکۆنۆف، ٢٠٠٨، ل٤٢-٤٣)، هەرچەندە لەمیانەی ئەو هاوسەرگیرییە سیاسیە و هاوپەیمانیەتیە لە ماوەی فەرمانڕەواییکردنی (کەی ئەخسار) و (ئەستیاگیس) ئاشتی و ئارامی و سەقامگیری ئاسایش لەنێوان هەردوو دەوڵەت و ڕۆژئاوای ئاسیا بۆ ماوەی نزیکەی نیو سەدە بەردەوامی بەخۆیەوە بینی (مجيد، ٢٠١٧، ص٨٢)، هەروەها دەرئەنجامێکی باشی بۆ چارەنوسی دەوڵەتی لیدیا هەبوو، چونکە وەکو هەریەکێك لە چوار هێزەکەی ناوەڕاستی هەزارەی یەکەمی پێش زایین، ئەوانیش (میدی، بابل، میسر)، کە سەرکردایەتی بەشێك لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆنیان گرتبووە دەست، لیدیەکانیش لە سەرکردایەتی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بەردەوام بوون (حامدي، مرزوق، مهدية، ٢٠٢٤، ص٢١).

بەڵام ئەو ئاشتەواییە و سەربەخۆ سەرکردایەتیکردنە بەردەوام نەبوو، چونکە دەرئەنجامی ئەو هاوسەرگیرییە لە دایکبوونی کچە شازادەی میدی (ماندانا) بوو، و پاشان هاوسەرگیریکردنی ئەو کچە شازادەیە لەگەڵ (قەمبیز-Cambyses-٦٠٠-٥٥٩)) فەرمانڕەوای هەرێمی فارس، کە بەرهەمی هاوسەرگیرییەکەیان لەدایکبوونی کەسایەتییەك بە ناوی (کۆرش) بوو، کەواتە (کۆرش) نەوەی دووەمی ئەو هاوسەرگیرییە دبلۆماسیە بوو (Briant, 2002 , P24)، و فاکتەری دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە مێژووی ناوچەکەدا بوو، بەشێوەیەك بێجگە لە ڕووخانی دەوڵەتی میدی (کە دواتر دەبێتە بابەتی باسکردن)، بەڵکو (کۆرش) بووەمایەی نیگەرانیەکی زۆر

بۆ پاشای لیدیا (کرویسوس-Croesus- ٥٨٥-٥٤٦پ.ز)، ئەوەش دوای بینینی چارەنوسی (ئەستیاگس) و میدییەکان لەلایەن (کرویسوس)، چونکە بە درێژایی ماوەی پەیوەندیە دۆستانەکەیان، میدییەکان هەرگیز نەبوونە هێزێکی هەڕەشە بۆ لیدییەکان و بەردەوام پەیوەندییەکی بەهێزیان هەبووە، بە لەناوبردنی میدییەکان (کۆرش) بڕیاری لەشکرکێشیدا بۆسەر وڵاتی لیدیا، هەرچەندە پێش ئەنجامدانی هێرش پێشنیاری ئاشتی بۆ (کرویسوس) کرد و پەیامێکی بۆ نارد، کە درێژە بە ژیان و دەسەڵاترۆیی وڵاتەکەی بە مەرجی پاشکۆیەتی بۆ هەخامەنشیەکان بدات، بەڵام پاشای لیدیا پێشنیارەکەی پەسەند نەکرد (چامپدێر، ٢٠٠٥، ل٧١، ١٠٠)، لە ساڵی (٥٤٦پ.ز) (کۆڕش) کۆتایی بە دەسەڵاتی لیدیا دەهێنێت ، بێگومان ڕووخانی دەوڵەتی لیدیا بە یەکێك لە ڕووداوە گرنگەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن هەژمار دەکرێت (حامدي، مرزوق، مهدية، ٢٠٢٤، ص٤٤-٤٦).

**تەوەرەی چوارەم: هاوسەرگیری سیاسی ماندانی لەگەڵ قەمبیز**

هەخامەنشیەکان دوای کۆچکردنیان بۆ ناوچەکانی ئێران لە (٦٩٥پ.ز) دەسەڵاتی خۆیان لە هەرێمی (پارسوماش: ڕۆژهەڵاتی شاری شوشتەر لە ئێران) جێگرکرد، لەماوەی فەرمانڕەواییکردنی (فرائۆرتیس)ی پاشای میدی هەخامەنشیەکان بوونە پاشکۆی دەوڵەتی میدی، هەرچەندە (کەی ئەخسار) لەسەر هەمان سیاسەتی باوکی گرنگی زۆریداوە بە کۆنترۆڵکردنی هەموو شار و هەرێمەکانی وڵاتی فارس، بەڵام وادیارە دوای مردنی (کەی ئەخسار) و هاتنی (ئەستیاگیس)ی کوڕی بۆسەر دەسەڵات، شکۆ و دەسەڵاتی میدییەکان بەسەر فارسە هەخامەنشیەکان کۆتایی دێت (بهزادی، ٢٠١١، ل٩١-٩٢ ؛ حسن، ٢٠٢٢، ل٩٢-٩٥).

ئەو گۆڕانکارییە سیاسیە پەیوەستە بە ڕووداوێك، هەروەکو دەگوترێت خەون بینینی (ئەستیاگیس) بە هاوسەرگیری کردنی کچەکەی (ماندانی-Mandane) و پاشان لێکدانەوەی خەونەکەی لەلایەن پیاوانی ئایینی، گوایە بەگوێرەی دەرئەنجامی لێکدانەوەکە گۆڕانکارییەکی گرنگ لە چارەنوس و مێژووی سیاسی دەوڵەتی میدی ڕوودەدات ، چونکە بەپێی لێکدانەوەکە ئەو کچە شازادەیە دوای هاوسەرگیری کردن کوڕێکی دەبێت و دەست بەسەر دەسەڵات و تەختی دەوڵەتی میدی دەگرێت (أحمد، ٢٠١٥، ص١١٥-١١٦).

هەربۆیە (ئەستیاگیس) بە ئامانجی ڕێگریکردن لەو پێشبینیکردنە و پاراستنی دەسەڵاتی، ڕێگەنادات کچەکەی هاوسەرگیری لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی میدی بکات، بەڵکو هاوسەرگیری کچەکەی لەگەڵ (قەمبیز) فەرمانڕەوای هەخامەنشیەکان و هەرێمی وڵاتی فارس، کە لەژێر دەسەڵات و فەرمانڕەوای پاشای میدیەکان بوو ڕێکدەخات، بۆئەوەی لەڕێگەی ئەو هاوسەرگیریە زیاتر پاڵپشتی سیاسی (قەمبیز) بەدەست بهێنێت، هەروەها دەوڵەتی میدی لە دۆخی دڵەڕاوکێ و گێژاوی سیاسی ڕزگاربکات، کە ڕووبەڕووی ببۆوە، بەهۆی نەبوونی شازادەیەکی کوڕ بۆ شوێنگرەوەی پاشای میدی (مجيد، ٢٠١٧، ص٩٨-٩٩)، بەڵام وادیارە هاوسەرگیری (ماندانی) و (قەمبیز) لەبری ئەوەی ببێتە هۆی پتەوکردنی ئاشتەوایی لەنێوان هەردوو لایەن، بەڵکو بووەهۆی ئەوەی پەیوەندی نێوانیان بەرەو شەڕ و ململانێ هەنگاوبنێت، و لەگرنگترین لێکەوتە سیاسیەکانی ڕووخانی دەوڵەتی میدی بوو، هەروەها گواستنەوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی لە میدییەکان بۆ فارسە هەخامەنشیەکان بوو (بهزادی، ٢٠١١، ل٩٢).

لەبەرئەوەی دەرئەنجامی ئەو هاوسەرگیریە لەدایکبوونی کوڕێك بەناوی (کۆرش) بوو، کە بە (کۆڕشی دووەم، کۆڕشی گەورە) ناسراوە (هەروەکو لە پێشو ئاماژەپیێکرا)، هەرچەندە گوتراوە لەکاتی لەدایکبوونی ئەو کوڕە (ئەستیاگیس) دووبارە خەونێك بە نەوەکەی دەبینێت و لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، کە هاوشێوەی لێکدانەوە و مانای خەونی یەکەمی هەبوو (علي، ٢٠١٨، ص٦١-٦٢)، بەمەش لەڕێگەی پلانێکی داڕێژراو (ئەستیاگیس) ئەرکی کوشتنی (کۆڕشی) بە (هێرپاکۆس) سەرکردەی سەربازی وڵاتی میدی سپارد، بەڵام فەرمانی پاشای جێبەجێنەکرد، هەربۆیە لەبەرامبەر بەجێنەگەیاندنی بڕیاری پاشا، لە میوانداریەك بە خواردنی گۆشتی کوڵاوی کوڕەکەی خۆی سزا دەدرێت، ئەوەش نیگەرانی (هێرپاکۆس)ی لێدەکەوێتەوە و بڕیاریدا هەموو هەوڵێکی خۆی بۆ تۆڵەسەندنەوە بەکاربهێنێ (الخليل، ٢٠١١، ص٨١-٨٢)، پەیوەندی بە (کۆڕش) کرد، کە لەدوای (قەمبیز)ی باوکی هاتە سەر دەسەڵات، و بۆ ئەنجامدانی لەشکرکێشی بۆسەر دەوڵەتی میدی هانیدا، وە بەڵێنی پشتگیرکردن لەکاتی هێرشە سەربازیەکەی پێدا (پیرنیا، ٢٠١٣، ص١٥٧-١٥٨).

لە ئەنجامدا شەڕو ئاژاوە دەکەوێتە نێوان هەردوو دەوڵەت، بەتایبەتی دوای ئەوەی (کۆڕش) لەساڵی (٥٥٣پ.ز) بڕیاری جەنگیدا، ئەوەی زیاتر ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتە سەربازیەکانی، سودبینین بوو لە هەڵوەشانەوە و لەناوچونی پەیوەندی دبلۆماسی نێوان میدییەکان و کلدانیەکان، بەهۆی هێرشی (ئەستیاگس) بۆسەر (حەران) لەسەردەمی (نابونائید)ی پاشای کلدی (هەروەکو لە پێشو ئاماژەپیێکرا)، هەرچەندە پاشای میدی هەوڵیدا بەرگری لە دەسەڵات و دەوڵەتەکەی بکات، بەڵام دوای پێکدادانێکی زۆر لە ساڵی (٥٥٠پ.ز) (فارسە هەخامەنشیەکان) سەرکەوتوبوون و دەسەڵاتی دەوڵەتی میدی کۆتاییپێهات و (ئەستیاگیس) بەدیل گیرا (العلان، ٢٠١٩، ص٩١-٩٣).

کەواتە (کۆرش) ڕۆڵێکی سەرەکی لە ڕوودانی دیارترین گۆڕانکاریە سیاسیەکان و بەدیارکەوتنی فارسە هەخامەنشیەکان وەك هێزێکی گرنگی ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن بینی، چونکە بە لەناوبردنی میدییەکان تەنها نەبووە خاوەنی دەسەڵات و فەرمانڕەوای وڵاتی ئێران، بەڵکو لە میانەی ئەنجامدانی لەشکرکێشە سەربازیەکانی (کۆڕش)، هەخامەنشیەکان بوونە تاکە دەسەڵات و فەرمانڕەواییکاری میسۆپۆتامیا وەك هێزێکی بێگانە و فاکتەری سەرەکی بوون بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی دەوڵەتی کلدی لە (٥٣٩پ.ز)، کە وەك کۆتاهەمین بنەماڵەی دەسەڵاتداری ناوخۆیی وڵاتی میسۆپۆتامیا هەژماردەکرێن (بكر، ٢٠٠٥، ص١٦٨-١٧٤)، بەمەش سەردەمێکی نوێ لە مێژووی وڵاتی ئێران دەستی پێکرد، (کۆڕش) پلانی دەست بەسەرداگرتنی زەوی و وڵاتانی دەوروبەری بە قۆناغبەندی داڕشت، بە داگیرکردنی زۆربەی ناوچە گرنگەکانی جیهانی کۆن، توانی ئیمپراتۆریەتێکی مەزن دابمەزرێنێت، کە لە هندستان بەرەو کەناراوەکانی دەریای ناوەڕاست و ئیجە و پاشان بەرەو کەنداوی عەرەبی درێژدەبۆوە (النواب، ٢٠١٦، ص٢١٨). بەمەش دەردەکەوێت هاوسەرگیری سیاسی (ماندانی) لێکەوتەیەکی باشی بۆ چارەنوسی دەوڵەتی میدی و زۆربەی هێزەکانی هاوسەردەمی میدییەکان نەبوو.

## دەرئەنجام

- هاوسەرگیری لە مێژووی دەوڵەتی میدی ئامرازێکی سیاسی بەرچاو بووە. چونکە لە دروستکردنی هاوپەیمانی و چەسپاندنی دەسەڵات و چارەسەرکردنی ململانێکان ڕۆڵێکی گەورەی لە گۆڕانکاری سیاسیدا لە ماوەی فەرمانڕەواییکردنی (کەی ئەخسار) و (ئەستیاگیس) گێڕاوە.

- لە نێوان میدییەکان و هێزە هاوسەردەمیەکان پرۆسەی هاوسەرگیری سیاسی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی و کۆتاییهێنان بە شەڕەکان و بەرەوپێشبردنی سەقامگیری یان بەهێزکردنی هاوپەیمانیەتیە ئاشتەواییەکان و کەمکردنەوەی گرژییەکان ڕێکدەخرا، هەربۆیە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بارودۆخی سیاسی و چارەنوسی دەوڵەتی میدی و بنەماڵە و دەوڵەتانی هاوسەردەمی میدییەکان هەبوو.

- پاشاکانی میدی هاوسەرگیریان بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە هەمیشە تەنها لەڕێگەی هێزی سەربازی یان دانوستانەوە نەدەکرا بەکارهێناوە، چونکە ئەو هاوسەرگیریە سیاسیانە بە دروستکردنی پەیوەندی خزمایەتی لە نێوان میدییەکان و بنەماڵە دەسەڵاتدارەکاندا، یارمەتی بەردەوامبوونی دۆستایەتی و کەمکردنەوەی ململانێیان دەدا.

- هاوسەرگیری سیاسی ئەندامانی بنەماڵەی شاهانەی میدی هەرچەندە ئامرازێکی دەوڵەتسازی بوو یاخود بە واتایەکی دیکە فاکتەری هەنگاونانی میدییەکان لە قۆناغی دەوڵەت بۆ ئیمپراتۆریەت بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەندێکجار ئەنجامدانی هاوسەرگیرییە سیاسیەکان کاریگەری لەسەر فەرمانڕەوایەتی داهاتوو و هاوپەیمانی هەبووە و گۆڕانکاری سیاسی گەورەی بەدوای خۆیدا هێناوە، لەوانە هاوسەرگیری سیاسی (ماندانا) هەلومەرجێکی دروستکرد، کە ئەویش ئاسانکاری بۆ گۆڕانکاری سیاسی و لەناوبردنی دەوڵەتی میدی بوو، ئەوەش بەهۆی دروستکردنی میراتگرێکی ڕکابەر، کە بوو بە پردێک بۆ گواستنەوەی شەرعیەتی شاهانەی لە میدییەکان بۆ فارسە هەخامەنشیەکان.

**پەراوێزەکان**

١- ئاشوریەکان: هۆزێکن لە جزریەکان (سامیەکان)، شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەتاییان لە ناوچەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی بووە، پاشان بەرەو وڵاتی میسۆپۆتامیا کۆچیان کرد و لەبەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە نیشتەجێبوون، لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٠-٦١٢پ.ز) ڕۆڵێکی گرنگیان لە مێژووی سیاسی و شارستانییەت هەبووە. بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە: (ساکز، ١٩٩٩).

٢- ئەگبەتانا: پایتەختی سیاسی میدییەکان بوو، دەکەوێتە هەمەدانی ئێستا، ئەو شارە بە بڕیاری پاشا (دیاکۆ) بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش دروستکرا، بەجۆرێك حەفت دیوار (پەرژین)ی هەبوو و هەردیوارێکی ناوەوە لە دیوارەکەی دەرەوەی بەرزتربوو، هەروەها هەریەکێك لە دیوارەکان ڕەنگێکی جیاوازی هەبوو. بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە: (سەرفراز، فەیروزمەندی، ٢٠٠٩، ل٥١-٥٣).

٣- ئۆرارتۆیەکان: یەکێکن لە نەتەوە دێرینەکانی کوردستان، لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین لە دەوروبەری دەریاچەی وان توانیان بنەماڵە و دەوڵەتێکی دەسەڵاتدار دابمەزرێنن، گرنگی شوێن و هەڵکەوتەی جوگرافیان فاکتەری لەشکرکێشی پاشایانی ئاشوری بۆسەر وڵاتی ئۆرارتۆیەکان بوو. بۆزانیاری زیاتر دەڕوانرێتە: (عقراوي، ٢٠١٥).


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٦

٤- سکیتییەکان: کۆمەڵێك هۆز و خێڵی گەورە بوون، هەرچەندە شوێنێکی جێگیریان نەبوو، بەڵام بەهۆی تایبەتمەندی شێوازی ژیانیان و بەهێزی و جەنگاوەریان، لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین ڕۆڵێکی گرنگیان لە مێژووی ڕووداوە سیاسیەکانی ئاسیای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن بینیوە. بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە: (حسن، ٢٠٢٢).

٥- هەخامەنشیەکان: یەکێکن لە نەتەوە دێرینەکانی وڵاتی ئێران، بە ڕەگەز ئاريايين، (کۆرشی دووەم) بە دامەزرێنەری سەرەکی دەوڵەتی هەخامەنشی دادەنرێت، لە (٥٥٨-٣٣١پ.ز) ڕۆڵێکی گرنگیان لە شارستانیەت و گۆڕانکاریە سیاسیەکان بینی، پاشان لەلایەن ئەسکەندەری مەقدونی دەسەڵاتیان کۆتاییپێهات. بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە: (Briant, 2002)

٦- کلدانیەکان: یەکێك بوون لە هۆزە جزریەکان، لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین بەرەو باشوری میسۆپۆتامیا کۆچیان کرد، لە کۆتاییەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایيکردنی ئاشوریەکان توانیان بنەماڵەیەکی دەسەڵاتدار لە بابل دابمەزرێنن و ماوەی فەرمانڕەوایيکردنیان لە (٦٢٦-٥٣٩پ.ز) بوو، کە بە (سەردەمی بابلی نوێ) ناسراوە. بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە: (باقر، ٢٠١٢، ص٦٠١-٦٢٩).

٧- دەوڵەتی لیدیا: دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای وڵاتی ئەنادۆڵ و شاری (ساردیس) پایتەختی سیاسیەکەی بوو، لەسەر شانۆی سیاسی و ڕووداوەکان لە ماوەی (٦٨٧-٥٤٦پ.ز) ڕۆڵێکی گرنگی بینی، پاشان لەلایەن (کۆرشی دووەم)ی پاشای هەخامەنشیەکان دەسەڵاتیان کۆتايی پێهات. بۆ زانیاری زیاتر دەڕوانرێتە: (حامدي ،مرزوق، مهددية، ٢٠٢٤).

٨- باخچە هەڵواسراوەکەی شاری بابل: یەکێکە لە حەوت سەرسوڕهێنەرەکەی جیهان، بریتی بووە لە کۆشکێکی ناوازە و چەندین ژوور و سەربان بە ئامانجی چاندنی گوڵەباخ و درەخت، هەرچەندە پاشماوەکەی دیارنەماوە، بەڵام زانیاری دەربارەی ئەو باخچەیە لە نوسینەکانی سترابۆ وەرگیراوە (روتن، ١٩٨٤، ص٢٧-٢٨).

## ليستى سەرچاوەكان

### سەرچاوە كوردیەكان

- بهزادی: روقیە، ئاریایی و نائاریاییەكان لە ڕوانگەی كۆنی مێژوودا، و: فەرهاد خۆشناو، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.
- جەمیل: كەلسومە، سەردەمانێك لە مێژووی دێرینی كورد: هاوپەیمانی میدی و كلدی لەناوبردنی ئاشوریەكان، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠٢١ .
-چامپدێر: ئالبێرت، كۆڕشی مەزن، و: دلاوەر عەبدوڵلا، چاپخانەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٥.
- دیاكۆنۆف: ئی .م ، میدیا، و: بورهان قانع، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨.
- سەرفراز: عەلی ئەكبەر، فەیروزمەندی: بەهمەن، دێرینەناسی و هونەر لەسەردەمە مێژوویەكانی دەوڵەتی مادو هاخامەنشی، و: وریاقانع، ب١، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠٠٩.
- مارف: عمر ئیسماعیل، دەوڵەتی ماد (٧٠٠-٥٥٠پ.ز)، چاپخانەی پەیوەند، سلیمانی، ٢٠١٠.
- محەمەد: ئاكۆ بورهان ، مێژووی كۆنی كوردستان و شوێنەوارەكانی، چاپخانەی نارین، هەولێر، ٢٠٢١.
- هیرۆدۆت، مێژووی جەنگی پارسەكان، و: عەلی فەتحی، ب١، چاپخانە موكریانی، هەولێر، ٢٠١٣.

### توێژینەوە

- هەمەوەندی: ئارام جەلال حەسەن، ئیمپراتۆریەتی میدییەكان لە سەرچاوە مێخیەكان، گۆڤاری ئەكادیمیا، ژمارە: ٣٣، ٢٠١٥.

### نامەی ماستەر

- حسن: سەمیر حسین، ڕۆڵی سیاسی و شارستانی سكیسیەكان لە ڕۆژهەڵاتی نزیكی كۆن لە هەزارەی یەكەمی پ.ز، نامەی ماستەر، زانكۆی سلێمانی، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، ٢٠٢٢.

### سەرچاوە عەرەبیەكان

### كتێب

- أحمد : سامى سعيد، الهاشمي: رضا جواد، تأريخ الشرق الادنى القديم (ايران والاناضول)، بغداد، د. ت.
- الخليل: أحمد محمود، مملكة ميديا، مطبعة روزهەلات، اربيل، ٢٠١١.
- باقر: طه، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، ج١، ط٢، بيت الوراق للطباعة والنشر، بغداد، ٢٠١٢.

- پيرنيا: حسن، تاريخ ايران القديم: من البداية حتى نهاية العهد الساسان، ت: محمد نورالدين عبدالمنعم، السباعى محمد السباعى، مركز القومى للترجمة، القاهرة، ٢٠١٣.
- روتن: مارغريت، تاريخ بابل، ت: زينة عازار، ميشال ابي فاضل، ط٢، منشورات عويدات, بيروت، ١٩٨٤.
- ساكز: هارى، قوة آشور، ت: عامرسليمان، مطبع المجمع العلمى، بغداد، ١٩٩٩.
-عقراوي: عماد شاكر أحمد ، مملكة أورارتو: (٨٨٠-٧١٤ق.م) دراسة تاريخية حضارية، مطبع تموز، دمشق، ٢٠١٥.
- محمد: حياة أبراهيم، نبوخذنصر الثاني: ٦٠٤-٥٦٢ق.م، مؤسسة العامة للاثار والتراث، بغداد، ١٩٨٣.

**توێژینەوە**

- العلان: أرواد، الميديون نشأتهم وازدهارهم وسقوطهم، مجلة دراسات تاريخية، جامعة دمشق، العدد١٣٩، ٢٠١٩.
- الطائي: أسامة كاظم، الطرفي: فيحاء كاظم جالي، العلاقات الكلدية الميدية دراسة تاريخية من خلال النصوص المسمارية و المصادر الكلاسيكية، مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية، جامعة بابل، المجلد٣، العدد٢، كانون الأول ٢٠١٣.
- النواب: رويدة فيصل موسى، سياسة الدولة الاخمينية : قراءة تاريخية، مجلة الفنون والأدب و علوم الانسانيات والاجتماع, العدد ٥، نيسان ٢٠١٦.
- علي: عادل هاشم، الدولة الميدية (٧٤٥-٥٥٠ق.م) أول إمبراطورية في تاريخ إيران القديم، مجلة دراسات ايرانية، العدد١٣، نوفمبر ٢٠١٨.

**نامەی ماستەر**

- أحمد: شاكر رضا، التاريخ السياسي و الحضاري: للمملكة الميدية ٧٠٠-٥٥٠ق.م، رسالة ماجستير، جامعة الإسكندرية، كلية الآداب، ٢٠١٥.
- بكر: هاني عبدالغني عبدالله، حركات التحرير في العراق القديم من عصر فجر السلالات السومرية حتى نهاية الإحتلال الفارسي الأخميني، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الموصل، كلية الآداب، ٢٠٠٥.
- حامدي: خولة، مرزوق: مريم، مهددية: نعيمة، مملكة ليديا- دراسة حضارية، رسالة ماجستير، جامعة الشهيد حمة لخضرالوادي، كلية العلوم الاجتماعية والانسانية، ٢٠٢٤.
- مجيد: تيسير سالم، الميديون أوضاعهم السياسية والحضارية، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة واسط، كلية التربية، ٢٠١٧.

**سەرچاوە ئینگلیزیەکان**

- Briant: Pierre, From Cyrus to Alexander a History of the Persian Empire, T: Peter T.Daniels, Printed in the United States of American, 2002.

- Grayson: A. K, Assyrian and Babylonian Chronicles, J.J.Augustin, NewYork. 1975.

- Mcintosh: Jane R., Ancient Mesopotamia: New prespective, ABC, CLIO, California, 2005.

- Olmstead: A.T, History of the Persian Empire, The University of Chicago Press, 1948.

- Reade: Julian, Alexander the Great and the hanging Gardens of Babylon, British institute for the study of Iraq, Vol: 62, 2000.

**List of sources**

Kurdish Sources

-Behzadi: Ruqiyah, Aryans and non-Aryans in the perspective of ancient history, and: Farhad Khoshnaw, Rojhelat Printing House, Erbil, 2011.

-Jamil: Kalsuma, A Period in Ancient Kurdish History: The Alliance of the Medes and Chaldeans to Destroy the Assyrians, Tafsir Office, Erbil, 2021.

-Champder: Albert, The Great Cyrus, and: Dilawar Abdullah, Qane Printing House, Sulaimani,

-Diakonov: IM, Media, and Burhan Qane, Vol. 2, Ministry of Culture Printing House, Erbil, 2008.

-Sarfraz: Ali Akbar, Fairuzmandi: Bahman, Archeology and Art in the Historical Periods of the Madu Hakhamenshi State, and: Waryaqane, B1, Hevi Printing House, Erbil, 2009.

-Marf: Omar Ismail, The Median State (700-550 BC), Paywand Printing House, Sulaimani,

-Mohammed: Ako Burhan, Ancient Kurdistan History and Archaeological Sites, Narin Printing House, Erbil, 2021.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

-Herodotus, History of the Persian War, and: Ali Fathi, B1, Mukriani Printing House, Erbil, 2013.

Research

-Hamwandi: Aram Jalal Hassan, Median Empire in Mexican Sources, Academy Magazine, No. 33,

Master's letter

-Hassan: Samir Hussein, The Political and Civilizational Role of the Scythians in the Ancient Near East in the First Millennium BC, Master's Thesis, Sulaimani University, College of Humanities,

Arabic sources

Book

-Ahmed: Sami Said, Al-Hashemi: Reza Jawad, History of the Ancient Near East (Iran and Anatolia), Baghdad, n.d.

-Al-Khalil: Ahmad Mahmoud, The Kingdom of Media, Rozhlat Press, Erbil, 2011.

-Baqir: Taha, Introduction to the History of Ancient Civilizations, Vol. 1, 2nd ed., Al-Warraq House for Printing and Publishing, Baghdad, 2012.

-Pirnia: Hassan, The History of Ancient Iran: From the Beginning to the End of the Sasanian Era, trans. Muhammad Nur al-Din Abd al-Mun'im and al-Siba'i Muhammad al-Siba'i, National Center for Translation, Cairo, 2013.

-Rutten: Margaret, The History of Babylon, trans. Zeina Azar and Michel Abi Fadel, 2nd ed., Oweidat Publications, Beirut, 1984.

-Saggs: Harry, The Power of Assyria, trans. Amer Suleiman, Scientific Academy Press, Baghdad, 1999.

-Aqrawi: Imad Shaker Ahmad, The Kingdom of Urartu: (880-714 BC) A Historical and Cultural Study, Tammuz Press, Damascus. 2015.

-Muhammad: The Life of Abraham, Nebuchadnezzar II: 604-562 BC, General Establishment for Antiquities and Heritage, Baghdad, 1983.

-Al-Alan: Arwad, The Medes: Their Rise, Flourishing, and Fall, Journal of Historical Studies, University of Damascus, Issue 139, 2019.

-Al-Ta'i: Osama Kadhim, Al-Tarfi: Faiha Kadhim Jali, Chaldean-Median Relations: A Historical Study Through Cuneiform Texts and Classical Sources, Journal of the Babylon Center for Humanistic Studies, University of Babylon, Volume 3, Issue 2, December 2013.

-Al-Nawab: Ruwaida Faisal Musa, The Policy of the Achaemenid State: A Historical Reading, Journal of Arts, Literature, Humanities, and Social Sciences, Issue 5, April 2016.

-Ali: Adel Hashem, The Median State (745-550 BC): The First Empire in the History of Ancient Iran, Journal of Iranian Studies. Issue 13, November 2018.

Master's Thesis

-Ahmed: Shaker Reda, The Political and Cultural History of the Median Kingdom 700-550 BC, Master's Thesis, Alexandria University, Faculty of Arts, 2015.

-Bakr: Hani Abdulghani Abdullah, Liberation Movements in Ancient Iraq from the Early Dynastic Period of Sumer to the End of the Achaemenid Persian Occupation, Unpublished Master's Thesis, University of Mosul, Faculty of Arts, 2005.

-Hamdi: Khawla, Marzouq: Maryam, Mahdiya: Naeema, The Kingdom of Lydia - A Cultural Study, Master's Thesis, University of Shahid Hamma Lakhdar El Oued, Faculty of Social Sciences and Humanities, 2024.

-Majid: Tayseer Salem, The Medes: Their Political and Cultural Conditions, Unpublished Master's Thesis, University of Wasit, Faculty of Education, 2017.

English

- Briant: Pierre, From Cyrus to Alexander a History of the Persian Empire, T: Peter T.Daniels, Printed in the United States of American, 2002.

- Grayson: A. K, Assyrian and Babylonian Chronicles, J.J.Augustin, NewYork. 1975.

- Mcintosh: Jane R., Ancient Mesopotamia: New prespective, ABC, CLIO, California, 2005.


- Olmstead: A.T, History of the Persian Empire, The University of Chicago Press, 1948.

- Reade: Julian, Alexander the Great and the hanging Gardens

## پاشکۆکان


پاشکۆی ژماره -١-

نەخشەی سیاسی ئیمپراتۆریەتی میدی و هێزەکانی هاوسەردەمی میدییەکان




(مجید، ٢٠١٧، ص١٧٢)

پاشکۆی ژماره -٢-
نەخشەی سیاسی هەخامەنشیەکان دوای کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میدییەکان




شرایط ایران در دوران کوروش و هخامنشیان چگونه بود؟، تاریخ انتشار٤ جولای ٢٠١٩،

https://shorturl.at/U9kv0